یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٦٢) - دوو شەممە ٢٠١١/١٠/٢٤ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٢ی (گەلاڕێزان)ی٢٧١١ی کوردی- ٢٧ی (ذو العقدة)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە

کەمپینێک بۆ پرۆتستۆکردنی قسەکانی مەلا بەختیار لە دژی ئیسلام راگەیەنرا

دوای ئەوەی رۆژی سێشەممە ١٨ی ١٠لە مەڵبەندی کوردۆلۆژی زانکۆی سلێمانی لە ئێوارە کۆڕێکدا ، مەلا بەختیار- کارگیری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی باسی لەوە کرد کە ئیسلام بەزەبری شمشێر بەسەر خەڵکی کوردستان فەرزکراوەو خەڵکی کوردیان کوشتوەو کوردستانیان داگیرکردووە.

کۆمەڵێک رۆژنامەوان و چالاکوان کەمپینێکیان لەدژی ئەو قسانەی مەلا بەختیار راگەیاند هەروەک داوا لە مام جەلال و مەکتەبی سیاسی یەکیەتی دەکەن کە بەرەسمی داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان بکەن و ناوبراویش روو بەروی لێپرسینەوە بکەن.

لەبەشێکی بەنامەی راگەیاندنی ئەم کەمپینەدا هاتووە «ئێمە وەک کۆمەڵێک لە رۆژنامەنووس و نووسەر و رۆشنبیر و ئیعلامی وەک ئەرکێکی ئاینی و ئەخلاقی بە تونڈی ئیدانەی ئەو پێشێلکاریەو سوکایەتی یانەی ئەو بەرپرسەی یەکێتی دەکەین و بە مەترسیداری دەزانین و وەک هەوڵێکی ئیرهابی فیکری و میژوویی لەقەلەمی دەدەین».

ئەم کەمپینە لەگەڵ ئەوەی لە سەرەتادا لەلایەن ١٠ کەسەوە ئیمزای لەسەر کرابوو لە ئێستادا تا دێت بەشدارانی ئەم کەمپینە فراوانتر دەبن تا ئامادەکردنی ئەم هەوالە زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە مامۆستای زانکۆ و سیاسەتوان و مامۆستای ئاینی و رۆژنامەنوس و قوتابی زانکۆ و خەڵکی رۆشنبیرەوە پاڵپشتی کراوە، رۆژانەش خەڵکی زیاتر دێنە ناو کەمپینەکەوە.

3
بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان تەنها گفتوگۆ بەس نییە ،بەڵکو پێویستە رێگاچارەکان بە یاسا دیاریبکرێن

4
کۆنگرەی شەشەمی یەکگرتوو، کۆنگرەیەکی ئاسایی.. نائاسایی..

5
رۆژنامە باشەکان گۆڕەپانی رۆژنامەگەری کوردی چۆڵ دەکەن

6
ـ خوێندنگاکانی ئێمە دۆزەخێکن بۆ خوێندکار و مامۆستایانمان..

ئەمریکا مەرجی هێزە سیاسییەکانی عێراق قبوڵ ناکات

وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان: دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکا دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان زیاتر دەبێت..

(موئەیەد تەیب) وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو رایگەیاند «لەگەڵ کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی داهاتوو، دەست تێوەردانی وڵاتانی ئیقلیمی و پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق و، هەروەها هێرشی گروپە تیرۆرستیەکان زیاتر دەبێت، بۆیە ئێمە لە سەر بنەمای قسەی بەرپرسە سەربازییەکانی عێراق و چەندین ئەفسەرو قائید فیرقەی سوپا، کە عێراق پێویستی بە مانەوەی سوپای ئەمریکایە، بۆیە داوای دریژکردنەوەی ریکەوتنامەی ستراتیژی نێوان ئەمریکاو عێراقمان کرد، بەڵام دیار بوو رای زۆرینە و ئیجماع لەسەر دریژنەکردنەوەی، هەروەها پێنەدانی حەسانە بە سەربازو راهێنەرانی ئەمریکی لەناو زۆربەی لیستە عێراقییەکاندا هەبوو بۆیە کوتلە کوردستانییەکانیش لەگەڵ رای زۆرینە بوون، ئەگەرنا ئێمە قەناعاتمان بەوە هەیە کە هێشتا عێراق زۆر پێویستی بە سوپای ئەمریکا هەیە«، وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەوەشی روونکردەوە کە «ئەمریکا لە کاردانەوەی مەرجی هێزو لایەنە سیاسیەکانی عێراق ئەوانیش ئامادە نەبوون سەربازو راهێنەر بەبێ حەسانە لە عێراق بهێڵنەوە، چونکە ئەمریکا لە یابانو کۆریاو زۆر شوێنی تر سەربازەکانی حەسانەیان هەیە«.

موئەید تەیب ئاماژە بە مەترسی لایەنی کوردی کرد لە جێبەجێ نەکردنی دەستوور و داخوازییەکانی کورد لە عێراق، هەروەها ووتی: «بەراستی ترس هەیە چونکە تاکو ئێستا چەندین پۆستی ئەمنی لەوانە وەزارەتی ناوخۆو بەرگری بە شێوەی وەکالەت بەدەست کەسێکەوەیە (مالیکی)، هەروەها تاکو ئێستا چارەنووسی ناوچە جێناکۆکەکان یەکلا نەبۆتەوە، بۆیە ئەمانە تەحەدی زۆر گەورەن لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا».

پەرلەمانتارێکی یەکگرتوو: هەوڵماندراوە بەشێوەیەکی مەیدانی گوێ بیستی کێشەو گرفتی..

یەکگرتوو- ئیبراهیم هارونی

فراکسیۆنی یەکگرتوو لەماوەکانی ڕابردوودا چەندین کارو چالاکی ئەنجام دا زۆرێک لەداواکاری هاووڵاتیانی گەیاندە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ئەندامێکی پەرلەمانیش دەلێت ئەو داواکاری و داخوازیانە ئاراستەی لیژنەکان و حکومەتی هەرێم دەکرێن هەروەک بەدواداچونیش لەئاستی پێویستدا نیە.

(سەمیر سەلیم) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی یەکگرتوو وتی: «بەهۆی کۆمەڵێک ئیعتیبار هەم لەرووی ژمارەوەو دۆخی سیاسیشەوە نەمانتوانیوە چالاکیەکانمان لەئاستی پێویستدا ئەنجام بدەین، بەپێی ژمارەی خۆمان هەوڵماندراوە ئەوەندەی پێمان دەکرێت ناوچەکان بەسەربکەینەوە بەشێوەیەکی مەیدانی گوێبیستی کێشەو گرفتی هاووڵاتیان ببین». هەروەها ناوبراو وتی: «لەڕاستیدا سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەندەی کردبێتی تەنها راپۆرتەکانی ئاڕاستەی لیژنەکانی ناو پەرلەمان یان حکومەت کردووە، بۆ ئەوەی بەدەمەوەچوونیان بۆ بکات، بەڵام وەک پێویست نەبووەو هەوڵ دەدەین بەسەرکردنەوەی زیاتری مەیدانی بکەین بۆ ئەوەی بەدەم ئەو گیروگرفتانەوە بین کە هاووڵاتیان ئاڕاستەمانی دەکەن».

ئەمیندارى گشتى یەکگرتوو لەگەڵ شاندێکى باڵاى حزبى ئیسلامى کۆبوویەوە.. ل٢

لیستی یەکگرتوو ئەندامێکی سکرتاریەت و چەند ئەندام لقیکی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی بە دەست دەهێنێت.. ل٧

فراکسیۆنی یەکگرتوو یەکەم وەفدی پەرلەمان بوو سەردانی شارۆچکەی (دووز)ی کرد

هەفتەی ڕابردوو وەفدێکی پەرلەمان لە فراکسیۆنی یەکگکرتووی ئیسلامیی کوردستان سەردانی شارۆچکەی دووزی کرد، وەفدەکە لە بەڕێزان (عومەر عەبدولعەزیز) سەرۆکی فراکسیۆن و (سەمیر سەلیم) ئەندامی فراکسیۆن پێکهاتبوو، لەمیانەی سەردانەکەدا سەردانی قائیمقامیەتی قەزای دووزیان کردو گوێبیستی وتەی بەڕێوەبەری دامودەزگاکان بوون، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو خۆشحالی خۆی بۆ سەردانەکە دەربڕی و بڕیاریدا داواکانیان بگەیەنێتە پەرلەمان، لای خۆشیەوە قائیمقامی دووز لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی سپێدە وێڕای سوپاسی بۆ سەردانی وەفدەکە رایگەیاند کە «فراکسیۆنی یەکگرتوو یەکەم وەفدی پەرلەمانی کوردستانە سەردانی شارۆچکەکەیان دەکات»، هیواشی خواست داواکانیان لە پەرلەمانی کوردستان بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

شایانی باسە فراکسیۆنی یەکگرتوو لەم ماوەدا چەند چالاکی و بەدواداچونێکی گرنگی ئەنجامداوەو، چەند کارێکی تریان لە بەرنامەدایە، بەشێک لە کارەکانیان لە لاپەڕە (٢) بڵاوکراوەتەوە..

گرنگی بە کلتووری ناوچەی هەورامان دەدات

یەکەم کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی لە خورماڵ دەکرێتەوە

بەمەبەستی زیندوو ڕاگرتن و بەرەو پێشبردنی کلتووری کوردەواریی و ناساندنی کلتووری ناوچەی هەورامان وەک بەشێکی سەرەکی کلتووری ڕەسەنی کوردی، (گرووپی ژیوا) کە لە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر و مامۆستا و نووسەری سەربەخۆی ناوچەی هەورامان پێکهاتووە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لۆکاڵی لە ناوچەکەدا کە بارەگای سەرەکی لە ناحیەی خورماڵ دەبێت.

ئەندامێکی دەستەی دامەزراندنی گروپەکە بە ڕۆژنامەی یەکگرتووی ڕاگەیاند: «ئەم گرووپە لەسەرەتای ڕاگەیاندنیەوە لە ٢٠٠٩/٧/١١ هەستاوە بە بەستنی کۆنفرانسی ڕۆشنبیرانی هەورامان لە هاوینەواری ئەحمەدئاوا، کە زیاتر لە ٦٠٠ کەسی ڕۆشنبیرو جەماوەری هەورامان بەشداریان تێدا کرد»، ئەو ئەندامەی گروپی ناوبراو زیاتر ووتی: «بیرۆکەی کردنەوەی کەناڵێکی کلتووری هەورامی لێرەوە دەستی پێکرد کە زیاتر لە ٩٦٪ ئەوانەی بەشداربووی کۆنفرانسەکە بوون لە وەڵامی ڕاپرسیەکی ئەم گروپەدا پێیان وابوو کە بوونی کەناڵێکی لەم چەشنە پێویستە، هەر دوابەدوای ئەمەش ئێمە کەوتینە هەوڵ و گرتنەبەری سەرجەم ڕێوشوێنە یاساییەکان بەدوای وەرگرتنی مۆڵەتی یاسایی بۆ کردنەوەی کەناڵێک. سوپاس بۆ خوا دوای ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆر لە بەرواری ٢٠١١/٧/٥ مۆڵەتی یاساییمان لە وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە پێدرا»، جێی باسە سەرپەرشتیارانی کەناڵەکە لە پێکهاتەیەکی گشتی دروست بووە دوور لە دەستتێوەردانی هیچ لایەنێکی سیاسی. لە ژمارەی داهاتوودا دیمانەیەک لەوبارەوە دەخوێنیتەوە..